میوانانی ژماره

# دکتۆرەکان ئەدوێن

ئامادەکردنی : دیاری فەریدون

لـــەم ژمـــارەیـــەدا چـــووینە لای کۆمـــەڵێك پزیشـکی پسـپۆڕ و سـێ پرسمان لێکردن فەرموون ئێوەو پرس و وەڵامەکان

## پرسیمان

١. وەك پزیشك پێت باشە چۆن نەخۆش ببینیت ؟
٢. هەر نەخۆشەو چیرۆکی خۆی هەیە ، پێتان باشە نەخۆش خۆی باسی کێشەکەی بکات یان هاوەڵەکەی ؟
٣. چ کاتێك هەست بە بێزار بوون لە نەخۆش ئەکەیت ؟
٤. ئایا هیچ نەخۆشێك پێویستی بەوەیە بینێریتە لای پسپۆڕێکی تر ؟ چەند ڕێئەکەوێت نەخۆش بنێرێت .



دکتۆر محمد جزا نوری قەرەداغی

### ***وەڵامی پرسیاری یەك***

باشترە پزیشك و نەخۆش خۆ بە خۆیی خۆیان بن بەڵام لە بەر باری کۆمەڵایەتی بوونی یەکێك وەك هاوەڵی نەخۆشی ئافرەت گونجاوە

### ***وەڵامی پرسیاری دوو***

بێ گومان تەنها نەخۆش خۆی ئەتوا نێت باسی ڕاستە قینەی هەست و ئەشکەنجەی خۆی بگەیەنێتە پزیشك جگە لە لە هەندێ نەخۆشی وەك

( گێلی یان کەڕ و لاڵ یان بێ هۆش )

### ***وەڵامی پرسیاری سێ***

١. ئەو نەخۆشەی کە گوێ لە پزیشك ناگرێت (لە بەرئەوەی خەیاڵی بە لایەکی تردا ڕۆیشتوە یان لە بەر قسە کردنی بەردەوام)
٢. ئەو نەخۆشەی کە لە ماڵەوە نەخۆشە بەڵام بەرامبەر دکتۆر دکتۆری لە خۆیدا ئەکات وە شان بەشانی دکتۆر ڕای خۆی دەر ئەبرێت وە چارەسەری خۆی ئەکات

### ***وەڵامی پرسیاری چوار***

لە بەر ئەوە ی کاری من تایبەتە بە ( گوێ و لووت و قوڕگ وە بۆری هەناسە ) وە نەخۆش تەنها بۆ ئەو مەبەستە دێتە لامان ، کەم جار پێویستە نەخۆش بۆ دکتۆری تر بنێرین بەڵام زۆر بە باشی ئەزانم کە ( ڕای ) هەندێ دکتۆری بەشەکانی تر وەرگرم بە تایبەتی دکتۆری ددان وە دکتۆری چاو وە دکتۆری مێشك

لە گەڵ ڕێزدا

١- پێم باشە نەخۆش یەك كەسی لەگەڵدا بێت لەكاتی فەحس كردنیدا بۆچی ؟

- هەندێ شت هەیە بە نەخۆش ناوترێ .
- رەنگە نەخۆش خۆی باش حاڵی نەبێ لە هەندێ شت لە بەر باری تەندروستی .
- نا بێت نەخۆشی (ژن) بە تەنیا بچێتە ژورەوە بۆ لای دكتۆری پیاو بۆ فەحس كردن .

٢- باشتر وایە نەخۆش خۆی چیرۆكی خۆی باس كات چونكە خۆی خاوەن نەخۆشی یەكەیەتی و خۆی باشتر ئەزانێ باسیت بكات .

٣- من ناوی نانێم بە (بێ زار بوون) بەلآم هەندێ جار هیچ شتێك نامێنێت كە باس نە كرابێ



دكتۆر بەختیار رسول امین
پسپۆری شكاوی و ئێسكناسی

لە گەڵ نەخۆشی و هەست ئەكەم ئیتر مانەوە ی نەخۆش لە لام كەڵكی نی یە و كاتی نەخۆشەكانی تر ئە بات

١- لە مانگێكدا دە ها نەخۆش پارەكەیان بۆ ئەگێرمەوە و ئەیان نێرم بۆ لای دكتۆری تر . چونكە
چونكە من هیچ نەخۆشێك نا بینم لە بواری پسپۆری خۆما نەبێت .

- وەك پزیشكێك پێم باشە هەر نەخۆشەو بە تەنیا لە نەخۆشێكی تر ببینم جوان گوێ لە سكالآكانی بگرم هەروەها كاتێكی تەواوی بدە مێ بۆ ئەوەی پشكنینی تەواوی پێویستی بۆ بكەم



- پێم باشە نەخۆش خۆی باسی كێشەكەی بكات نەك كەسانی دەور و بەری

د٠ نیاز احمد صالح
پزیشكی پێست

- كاتێك هەست بە بێزار بوون دەكەم كە نەخۆش تداخولی عیلاج دەكات

بەڵێ هەر نەخۆشە و پێویستی بە پسپۆری یەكی خۆی هەیە چەند جار رێ كەوتووە نەخۆشی بەشەكانی تر هاتونەلامان بەلآم ئێمە ٠٠٠٠٠٠ كردوە بۆ بەشی پەیوەست ٠٠٠٠٠

- پێم باشە نەخۆش خۆی یا خود یەكێكی نزیكی لە گەڵدا بێت تاكو بە ئارەزوی خۆی باسی نەخۆشی یەكەی خۆیم بۆ بكات
باشتر وایە نەخۆشەكە خۆی باسی بكات هەروەها هەندێ جار یارمەتی



راژان فواد عزت
پسپۆری نەشتەرگەری

- هاوەڵەکەی پێویستە بۆ زانیاری زیاتر
- کە نەخۆش لە کاتی خۆیدا نەیەتە
- ژورە وە و نۆبە بڕی بکات و دەنگە
- دەنگی زۆر بکات لە دەرەوە وا لەنەخۆشە

کانی کە بکات بێزار بن هەروەها کە نەخۆش
باسی نەخۆشی یەکەی بە تەواوی
نەکات زانیاری تەواوم نەدات بە
دەستەوە

- بەڵێ چونکە هەر یەکێکمان لە بواری یەکی تایبەتی خۆماندا شارەزا یمان
هەیە لەبواری پسپۆری یەکەمان نا
چارین پەنا بەرین هاورێی پسپۆری ئەو نەخۆشی یە بە پێی ئەو نەخۆشیانە

١. پێم باشە نەخۆش بە تەنها ببینم یان ئەگەر پێویستی بە یارمەتی هەبێ لەگەڵ کەسێك بێت کەبتوانێ
یارمەتی بدات یان لە روی دەرونی یەوە ئارمتر بێت کە لەگەڵ هاورێکەی بێتە لای من جۆرێك بێت بتوانێ
بە دڵنیایەوە قسەی خۆی بکات و هیچ شتێك نە شارێتەوە .

٢. پێم باشترە نەخۆش خۆی باسی خۆی بکات

٣. کەمتر هەست بە بێزار بوون دەکەم چونکە نەخۆشەکانم خۆش دەوێت ، بەلاَم چونکە ئاستی خوێنەواری لە ولاَتی ئێمە زۆر نی یە جاری واهەیە نەخۆشەکان زۆر سوالی غیر علمی دەکەن و پێ دادەگرن لە سەر زانیاری یەکانی خۆیان هەر هەوڵ ئەدەم بۆی روون بکەمەوە بەلاَم جاری واهەیە بێ سودە

.



*٤. بەڵێ . جاری واهەیە نەخۆش پێویستی بە راوێژهەیە لەگەڵ پسپۆڕێك کە نازانێ بچێتەلای . ئەبێت رێ چونی بکرێ بچێتە لای ئەو پسپۆرەی کە ئەتوانێ لەو بوارەدا یارمەتی بدات .*

د٠ لالە فاظل
پزیشکی سرنەر و ئێکسبەرداری